نێچیرڤان بارزانی: تەرکیزی ئێمە ئەوە دەبێت کە چۆن بتوانین خزمەتگوزاریی زیاتر بۆ هاوواڵتیان دەستەبەر بکەین

کێشە ئەوەیە 12 ساڵە کورد چاوەڕێی جێبەجێکردنی دەستوور دەکات



مێژوو پێمان دەڵێت ئەگەر داواکاریی کورد جددی وەرنەگیرێت و جێبەجێ نەکرێت، سەقامگیریی سیاسی لە عێراقدا نابێت

پاشنیوەڕۆی دوێنێ چوارشەممە 2018/5/16 لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان، باسی لە پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و چەند بابەتێکی پەیوەست بە هەڵبژاردن و دۆخی ناوچەکەوە بەگشتی کرد.

بەڕێزیان لە وتەیەکدا گوتی "دەمەوێ سەرەتا پیرۆزبایی سەرکەوتنی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران لە گەلی عێراق بە شێوەیەکی گشتی و گەلی کوردستان بەتایبەتی بکەم. سوپاسی هەموو ئەو هاوواڵتیانە دەکەم کە بەشداریان لە پرۆسەی دەنگداندا کرد کە سوپاس بۆ خوا بە شێوەیەکی ئارام بەڕێوەچوو بێ ئەوەی کێشەی گەورە دروست ببێت، ئەمەش خۆی لەخۆیدا سەرکەوتنێکی باش بوو بۆ هەموو گەلی عێراق بەتایبەتی کە لەڕووی ئەمنییەوە هیچ کێشەیەکی وا گەورە ڕوویندا. هیوادارین قۆناغی دوای هەڵبژاردن، ببێتە سەرەتایەک بۆ ئەوەی هەموو سیاسییەکانی عێراق دەرسێک وەرگرن کە زیاتر گرنگی بە پێدەوایستی و داواکاریی خەڵکی عێراق بە شێوەیەکی گشتی لەپێناو بەدیهێنانی ژیانێکی بەختەوەر و دۆخێکی باشتر لەڕووی خزمەتگوزاری و ئیش و کارەکانەوە بۆ خەڵک، بدەن".

بەڕێزیان لە بەردەوامیی وتەکەیدا ڕایگەیاند "هەر دوای ڕاگەیاندنی ئەنجامی فەرمیی هەڵبژاردن، گفتوگۆ بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی عێراق لە بەغدا دەستپێدەکات و ئێمەش وەک لایەنی کوردی زۆر بە جددی بەشدار دەبین لەو گفتوگۆیانەدا کە بۆ پێکهێنانی حکوومەتی نوێی ئەنجام دەدرێت. دەمەوێ سوپاسی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان و هەموو دەزگاکانی ئەمنی بکەم کە لەو ماوەیەدا زۆر ماندوو بوون، سوپاسی هاوواڵتیان دەکەم بۆ بەشداریکردنیان، هەروەک ئاگادارن ڕێژەی بەشداریکردن لە هەرێمی کوردستان لەچاو بەشەکانی دیکەی عێراق بەرزتر بوو و ئەمەش نیشانەیەکی باشە بۆ هەرێمی کوردستان کە جێگەی ڕێز و پێزانینە. هەرێمی کوردستان هەست دەکات کە قۆناغ و دەستپێکردنێکی تازەیە لە عێراقدا و دەبەوێ لەسەر بنەمای تەوافق و شەراکەت لەگەڵ بەغدا بگات بە چارەسەرێک کە لە بەرژەوەندیی هەموو گەلی عێراق و گەلی کوردستاندا بێت، هەرێمی کوردستان بەو هیوایەوە دەچێتە بەغدا. بێگومان لەمبارەیەوە یەکەمین لایەنە کوردستانییەکان یەکجار گرنگە و پێویستە یەکڕیزیی نێوخۆمان بپارێزین و بە یەکگرتوویی لە بەغدا ئامادە بین".

لە وەڵامی پرسیارێکدا سەبارەت بە دەستپێکردنی دانوستان لەگەڵ لایەنە عێراقییەکان، بەڕێزیان ئاشکرای کرد "لە ڕاستیدا تا ئێستا مەسافەیەکی جێگیرمان هەیە لەگەڵ هەموو هاوپەیمانێتییەکان و تا ئێستاش بە شێوەیەکی فەرمی نەکەوتووینەتە دانوستان لەگەڵ لایەنەکان بۆ پێکهێنانی حکوومەت و هاوپەیمانی، بێگومان لە ماوەیەکی نزیکدا شاندی ئێمە دەچێتە بەغدا و لەگەڵ هەموو لایەنەکان قسە دەکەین و هیچ لایەنێک لە سەرووی لایەنێکی دیکەوە دانانێین و بەپێی ئەجێندای ئەو لایەنانە قسەیان لەگەڵ دەکەین لە چوارچێوەی بەرژەوەندیی گەلی کوردستان و عێراقدا".

دەربارەی ناڕەزایەتییەکانی شەش لایەنی هەرێمی کوردستان لە دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان، بەڕێزیان گوتی "ئەو شەش لایەنانەی کە نیگەرانیی خۆیان لە پرۆسەی هەڵبژاردن دەربڕیوە لە سلێمانی و کەرکووک، بۆ ئەوەی قافیەی شعرەکەشیان بە ڕێکوپێکی بڕوات هەوڵیر و دهۆکیشیان تێخستووە. ئێمە لە نیگەرانییەکانیان تێدەگەین و وەکو سەرۆکی حکوومەتی هەرێمیش ئەو هەواڵانەم پێگەیشتووە و ئێمەش لەو بابەتە نیگەرانیانە پاک نییە و کێشەی هەیە. ئێمە لارمان نییە ئەگەر ئەم پرسە هەموو کوردستانیش بگرێتەوە و دەبێت هەندێک هەنگاوی جددی بەتایبەتی لە کەرکووک و سلێمانی و شوێنەکانی تریش چ لە هەوڵێر چ لە دهۆک لە هەر شوێنێک ئەم نیگەرانییە هەیە، دەبێت یەکلا بکرێتەوە و بە باوەڕەوە پێکەوە بچینەوە بەغدا و ئەم نیگەرانیانە کە نیگەرانیی جددین، من وەک سەرۆکی حکوومەت پێموایە دەبێت بە جددی وەربگرین و داوا لە کۆمسیۆنیش دەکەم زۆر بە جددی کاری لەسەر بکات".

سەبارەت بە دیدار و گفتوگۆکانیان لەگەڵ ئەمەریکییەکان و هەڵوێستیان بۆ قۆناغی داهاتووی عێراق، بەڕێز نێچیرڤان بارزانی ڕایگەیاند "بەڵێ بڕێت مەکگۆرگ هاتۆتە ئێرە و یەکترمان بینیوە، لە چوارچێوەی پرۆسەی سیاسیی عێراقدا قسەمان لەگەڵ بڕێت مەکگۆرگ کردووە و ئەوانیش دەیانەوێت حکوومەتێک پێکبهێنرێت کە لە خزمەتی هەموو هاوواڵتیانی عێراقدا بێت و لەو چوارچێوەیەدا سەیری دەکەن. هەستم نەکرد قیتۆیان لەسەر هیچ لایەنێک هەبێت و لایەنێک لەسەر لایەنێکی دیکە بسەپێنن و ئەمە بە پرۆسەیەکی عێراقی دەزانن و دەیانەوێت عێراقییەکان خۆیان بڕیار بدەن و دەیانەوێت حکوومەتێک پێکبهێنرێت گرنگی بە خزمەتگوزاری و ژیانی ڕۆژانە و ئابووری و هەلی کار بۆ هەموو خەڵکی عێراق بدات. بڕیارە کۆبوونەوەکان بەردەوام بن و ئەمڕۆش دیسانەوە سەردانی هەوڵێر دەکات و لە ئایندەشدا سەردان دەکات. ئەمڕۆ جەنابی سەرۆک بارزانی لە سەلاحەددین دەبینێت و ئەم دیدارانەی مەکگۆرگ بەردەوام دەبن لەگەڵ هەموو لایەنەکان".

لە وەڵامی پرسیارێکی دیکەدا سەبارەت بە ئەمانە وەکو لایەنی جددی لە هەرێمی کوردستان لە بەرامبەر پرۆسەکە نیگەرانن، دەبێت هەموو هەوڵێک بدەین ئەوەی بۆمان بکرێت ئەو نیگەرانییە نەمێنێت و بێگومان دەبێت کۆمسیۆن ئەو کارە بکات. من وەک سەرۆکی حکوومەتی هەرێم داوا دەکەم کۆمسیۆن بە جددی بێتە سەر هێڵ، ئینجا بە هەر شێوەیەک بێت و ئەوە بۆ ئێمە باشە، چونکە دەبێت ئێمە کۆتایی بەو دۆخە بهێنین کە بەردەوام باس لەوە بکرێت ئەم هەڵبژاردنانە پاک نییە و کێشەی هەیە. ئێمە لارمان نییە ئەگەر ئەم پرسە هەموو کوردستانیش بگرێتەوە و دەبێت هەندێک هەنگاوی جددی بەتایبەتی لە کەرکووک و سلێمانی و شوێنەکانی تریش چ لە هەوڵێر چ لە دهۆک لە هەر شوێنێک ئەم نیگەرانییە هەیە، دەبێت یەکلا بکرێتەوە و بە باوەڕەوە پێکەوە بچینەوە بەغدا و ئەم نیگەرانیانە کە نیگەرانیی جددین، من وەک سەرۆکی حکوومەت پێموایە دەبێت بە جددی وەربگرین و داوا لە کۆمسیۆنیش دەکەم هەموو ڕێکارێک بگرنە بەر بۆ ئەوەی نیگەرانییەکی لە ئارادا نەمێنێت، چونکە لە 57 کورسیەی کە هەمانە لەوێ دەبێت بەیەکەوە بین و یەک فراکسیۆنی یەکگرتوو بین و بە هێزەوە لەوێ بەشدار بین. هەندێک گرفت و نیگەرانی هەیە و ئەو لایەنەی کە دەبێت ئەو نیگەرانیانە بڕەوێنێتەوە ئێمە نین، بەڵام من خۆشم وەک سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان داوا دەکەم کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان نیگەرانییەکان بڕەوێنێتەوە جا بە ژمارەنەوەی دەنگەکان بەدەست، یان بە هەر شێوەیەکی دیکە لە کەرکووک و سلێمانی و هەر شوێنێکی دیکەی کوردستان. من ئەمە زۆر بە ئاسایی دەبینم و پێویستە ئەوە ئەنجام بدرێت و لایەنەکانیش بە دڵنیاییەوە بگەڕێنەوە بەغدا".

سەبارەت بە باسنەکردنی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان لە مەرسوومی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا، بەڕێزیان ڕایگەیاند "من داوای هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستانم کردووە بە هەر هەموویانەوە و هیچ کێشەیەکمان نییە لەسەر مەسەلەی سەرۆکایەتیی هەرێم، یان پەرلەمان، یان ئەنجومەنی پارێزگاکان بێت، من لێرە دەمەوێ وەکو پارتی ئەو قسەیە بکەم کە هیچ کێشەیەک نییە و ئەگەر ڕێککەوتن لەسەر ئەنجامدانی هەموو هەڵبژاردنەکان، ئێمە ئامادەین و بەشدار دەبین".

باسکردنی ئیستحقاقی پارتی دیموکراتی چۆنیەتیی دروستکردنی کۆدەنگیی لایەنە کوردییەکان لە عێراق و بەشداریکردنی لایەنە کوردستانییەکان لە هاوپەیمانێتییەکاندا ئەگەر کۆدەنگی دروست نەبوو، بەڕێزیان ئاشکرای کرد "بۆ ئەوەی لە بەغدا بتوانین کاری جددی بکەین، دەبێت هەموو هەوڵێکمان ئەوە بێت کە بە یەکگرتوویی لە بەغدا ئامادە بین. ئەو نیگەرانییەی کە لایەنەکان هەیانە بۆ من وەک سەرۆکی حکوومەت، نیگەرانیی جددین و دەمەوێت ئەم نیگەرانیانە نەمێنن، بۆ نەهێشتنیشی داوا لە کۆمسیۆن دەکەم هەموو ڕێکارێک بگرنە بەر بۆ ئەوەی نیگەرانیی ئەم لایەنانە لەسەر پرۆسەی هەڵبژاردن نەمێنێت، چونکە مەرجی سەرکەوتنی ئێمە لە گەڕانەوەمان بۆ بەغدا ئەوەیە کە دەبێت بەیەکەوە بین. لەو 57 کورسیەی کە هەمانە لەوێ دەبێت بەیەکەوە بین و یەک فراکسیۆنی یەکگرتوو بین و بە هێزەوە لەوێ بەشدار بین. هەندێک گرفت و نیگەرانی هەیە و ئەو لایەنەی کە دەبێت ئەو نیگەرانیانە بڕەوێنێتەوە ئێمە نین، بەڵام من خۆشم وەک سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان داوا دەکەم کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان نیگەرانییەکان بڕەوێنێتەوە جا بە ژمارەنەوەی دەنگەکان بەدەست، یان بە هەر شێوەیەکی دیکە لە کەرکووک و سلێمانی و هەر شوێنێکی دیکەی کوردستان. من ئەمە زۆر بە ئاسایی دەبینم و پێویستە ئەوە ئەنجام بدرێت و لایەنەکانیش بە دڵنیاییەوە بگەڕێنەوە بەغدا".

سەبارەت بە بەکارهێنانی هەمان سیستەمی ئەلکترۆنیی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان و هەوڵەکانی هەرێمی کوردستان بۆ ڕازیکردنی شەش لایەنە ناڕازییەکە، بەڕێزیان گوتی "هەر ڕێکارێک کە لایەنەکان لەسەری ڕێکبکەون و پرۆسەکە بە هەر شێوەیەک بێت و کۆمسیۆن بڕیاری لەسەر بدات و لایەنەکان لەسەری ڕێککەون، ئێمە پشتگیری لێدەکەین. گرنگ ئەوەیە دەبێ هەموو لایەک دڵنیابن لەو دەنگانەی کە دەیدەن، هەر شوێنێکی تر و پشتگیری دەکەین، بەڵام ئەو شتە دەبێ کۆمیسیۆن بیکات نەک ئێمە."

بەڕێز سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان، وەرگرتنی پۆستی سەرۆک کۆمار یان هەر پۆستێکی دیکەی سیادیی لە حکوومەتی داهاتووی عێراقدا بە ئیستحقاقی کورد دانا ، لەگەڵ ئەوەشدا گوتی: "کێشەی کورد لەگەڵ بەغدا، پۆست نییە و دوایین شت پۆستەکان دێت. کێشەکە زۆر گەورەترە لەوە، کێشەکە ئەوەیە 12 ساڵە کورد چاوەڕێی جێبەجێکردنی دەستوور دەکات، 12 ساڵە ئەم دەستوورە لەم ووڵاتەدا جێبەجێ ناکرێت. 12 ساڵە شەراکەت لەو ووڵاتە مانای نەماوە و 12 ساڵە ئێمە خزمان نابینین کە لە بەشێک لەو پرۆسەیەداین. 12 ساڵە هیچ شتێک ناکرێت بۆ ئەوەی سەقامگیریی سیاسی لە عێراق دروست ببێت، بەبێ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە ، ئەو شتانە دروست نابن، دەبێ دیدێکی ڕوون هەبێت بۆ عێراقی دوای ئەم هەڵبژاردنانە ، بەوەی کە ئایا عێراقی دوای ئەم هەڵبژاردنانە دەیەوێت لەسەر مۆدێلی کۆن بچێت یان نا ؟" بەڕێز سەرۆک وەزیران ئاماژەی بە هۆکاری سەرهەڵدانی داعش کرد لە عێراق کە لە ئەنجامی پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی شکستخواردوو دروست بوو، هەروەها ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی لە هەرێمی کوردستان بۆ بێهیوابیی کورد لە بەغدا گەڕاندەوە کە نەیدەویست دەستوور جێبەجێ بکات، کورد بێهیوا بوو لەوەی کە بەغدا بیەوێ مافەکانی کورد بدات. بۆیە گوتی "ئەگەر ئەزموونمان لەو سیاسەتە وەرنەگرتووە و شتێکی شکستخواردوو دووبارە دەکەینەوە، بە دڵنیاییەوە دەبێتە دووبارەکردنەوەی ئەو شتە کە پێشتر شکستی هێناوە. ئێمە دەبێ لە عێراقدا دیدگایەکی ڕوونمان هەبێ بۆ پاشەڕۆژی ئەم وڵاتە. مێژوو پێمان دەڵێت ئەگەر داواکاریی کورد لەم وڵاتە بە جددی وەرنەگیرێت و جێبەجێ نەکرێت، سەقامگیریی سیاسی لە عێراقدا نابێت. 12 ساڵ بەسە بۆ ئەزموون."

بەڕێز نێچیرڤان بارزانی هەروەها باسی لەوە کرد کە "کێشەی ئێمە گەلی عێراق نییە، گەلی عەرەب نییە، ئێمە برای یەکترین، بەڵام دەبێ بێین ئەو شتانەی کە هەیە جێبەجێ بکرێت بۆ داهاتوو و سەقامگیریی سیاسی لەم وڵاتەدا."

سەبارەت بە دەستپێکردنی گفتوگۆکان لەنێوان لایەنە کوردی و عێراقییەکان لەسەر پێکهێنانی حکوومەت لە بەغدا و بوونی مەرج بۆ گەڕانەوەی کورد بۆ بەغدا، بەڕێز نێچیرڤان بارزانی گوتی: "گرنگ ئەوەیە کە وەک کورد مالێ خۆمان ڕێکبخەین، بۆ ئەوەش دەبێ ئەم لایەنانە دڵنیا بکەینەوە بەوەی کە دەبێ کۆمسیۆن دڵنیاییان بداتێ. لەناو خۆماندا وەک لایەنە کوردییەکان دەستمان بە گفتوگۆ کردووە و دواتریش لەگەڵ بەغدا دەکەوینە گفتوگۆ."

دەربارەی پرسی دابەشکردنی مووچە، بەڕێز سەرۆک وەزیران ڕایگەیاند: "مووچە وەکو خۆی دێت و کێشەیەک دروست نەبووە و بەردەوامیش دەبێ و پێویست نییە نیگەرانی هەبێت. چەندین جار گوتوومە ئەگەر لەو پرسانەدا کێشە دروست هەبێت، هەر خۆم بە خەڵک دەڵێم کە کێشەمان هەیە. بۆیە من کێشە نابینم لەو بارەیەوە."

لە کۆتاییدا بەڕێز سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان، باسی لە پێکهاتەی کریستیانەکانی کوردستان کرد بەتایبەت کریستیانەکانی دانیشتووی دهشتی نەینەوا و لەو بارەیەوە گوتی: "کریستیانەکان بە هەموو نەتەوەکانییەوە میژوو و ڕیشەی زۆر کۆنیان لەم سنوورە هەیە. وەکوو بنەما، هەر هەنگاوێک بۆ پاراستنی ئەوان و بۆ ئەوەی لە داهاتووی خۆیان دڵنیا بن، چ لە بەغدا دەبێ پێیان بدرێت، ئەمانە دەبێ لەو ناوچەیە بێننەوە و ئێمە وەک حکوومەتی هەرێم ئامادەین لەگەڵ بەغدا لێکتێگەیشتنی تەواو بکەین و لەپێناو دڵنیاییدان بەو لایەنانەی کە لەو سنوورەدا دەژین. ئامادەین هەموو هەنگاوێک بگرینەبەر، ئەمانە هاووڵاتیی ئەم وڵاتەن و دەبێ بە ئاسوودەیی لەو وڵاتەدا بژین. نامانەوێ ئەو دابەشبوونە دروست ببێ بەوەی کە هەندێ لەمبەرن و هەندێ لەوبەرن. بۆیە دەمانەوێ ئەمنییەتیان هەبێ و ژیانیان پارێزراو بێت، لەگەڵ بەغداش بە دڵنیاییەوە لەسەر هێڵ دەبین بۆ ئەو پرسە".